# یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٩**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٤/١٥**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەلاتەی بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)دەی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٨/٤/١٤ی دا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەماندا:ـ

## یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٨
## یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

خولی هەڵبژاردراوی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەردەوام دەبێ کە بڕیار بوو لە ١٩٩٨/٦/٤دا کۆتایی بێ، بەگوێرەی بڕیاری درێژکردنەوەی سێیەم کە لە ئەنجومەن بە ژمارە (٢)ی ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٣ دەرچووە.

ئەنجومەن لە کاردا دەبێ تا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی تازە و بەستنی یەکەم دانیشتنی خۆی.

**ماددەی دووەم:**

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرهێنانییەوە کاری پێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بلاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆکاره پێویستەکان

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەرهەمی خەباتی گەلی کوردستان و قوربانی دانی هەزاران شەهیدی بزاڤە ئازادی خوازییەکەیەتی، بەکۆڵەگەی سیستەمی سیاسی دامەزراو دادەندرێ لە هەرێمدا و بنکەی ئەزموونە دیموکراتیەتەکەیەتی و چاوگی ڕەوایی دەسەڵاتە.

لەدەست دان و دڵ پێوەنەبوون بە ئەنجوومەنی ئێستا بێ ئەوەی بەرەخسێ ئەنجوومەنێکی تازە هەڵبژێردرێ و جێگاکەی بگرێتەوە هەڵەیەکی گەورەیە، پاراستنی و پەزێرایی لێکردنی بەرپرسییەتێکی مێژووییە لە سەرشانی هاونیشتمانی کوردستانی بە پەرۆش بۆ بەرژەوەندییە بالاکانی گەل و نیشتمان، باری ناوخۆی هەرێم بەهۆی کوشت و بڕی ناوخۆوە نەی هێشتووە هەڵبژاردنێکی تازەی ئەنجوومەن ئەنجام بدرێ، ئەمەش وایکردووە کە ئەنجوومەن لەسەر ئارەزووی گەلی کوردستان خولی هەڵبژاردنی یەکەم بۆ سێ جاری یەک لەدوای یەک درێژ بکاتەوە بێ ئەوەی بەربەستەکان لەبەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی لابچێ.

لەبەر ئەوەی بنەما دەستورییەکانی هەموو میللەتە خاوەن ژیارەییەکان و سیستەمە دیموکراسییە باوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە باری ناهەموار و لە ناکاو و خەتەرناک و شەڕ، لەو عوزرانەن کە ماوەی پەرلەمانەکان درێژ بکرێتەوە تاخەتەرناکی ئەو لەمپەرە لادەچێ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن وباری پێویست دێتەکایەوە بۆ ئەنجامدانی بە شێوەیەک کە هەڵبژێرەر(الناخب)ەکان بتوانن مافی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دیموکراسی و ئازادانە پیادە بکەن.

لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی تازە، بەندە بە کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆوە و بەرقەراربوونی ئاشتییەکی بەردەوام، بۆیە ئەم یاسایە دەرهێندرا.